ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
85
10 ی حوزەیران / جون ی 2024

# مرۆڤایەتی لەژێر هەڕەشەی جەمسەرەکاندا



موحسین کەریم

جەنگی روسیا لە ئۆکرانیا، بۆ بەشێک لە چەپ، وەکو جەنگی داگیرکاری لێکدەدرایەوە و بگرە هەندێ چەپی ئەورووپی لەسەر هەمان ئاوازی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا بانگەشەی چەکدارکردنی خەڵکی ئۆکرانیانیان دەکرد بۆ شەڕکردن لەپاڵ حکومەتی بۆرژوازی ڕاستڕەوی دەستنیشانکراوی ئەمریکاو ناتۆدا. بۆ ئێمە کۆمۆنیستە کرێکاریەکان روون بوو کە ئەوە جەنگی نێوان ڕوسیا و ناتۆیەو داگیرکاری و بەرەنگاریەک لەئارادا نیە! بێگومان ئێمە دژی کاولکاری و کوشتاری خەڵکی بێدیفاعی ئۆکرانیا بووین و هەین، بەڵام ئەوان قوربانی جەنگێکن کە هیچ بەرژەوەندیەکیان تێدا نیە. ئەوان کراونەتە سوتەمەنی بەرژەوەندیەکان و کێشمەکێشەکانی نێوان دوو جەمسەری بۆرژوا- ئیمپریالیستی ئەمریکاو ئەوروپا لەلایەک و ڕوسیا لەلایەکی دیکەوە!

دووساڵی ڕابردوو، زۆر مەسەلەی ڕوونکردەوە. کۆمەکی بێدریغی دارایی و سەربازی و لۆجستیکی ناتۆ بۆ ئۆکرانیا کە بە سەدان ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێ، لە سەخاوەتمەندی ئەمریکاو دەولەتانی ئەورووپاوە نیە بۆ خەڵکی ئۆکرانیا، کە خەڵکی وولاتەکانی خۆیان لەژێرباری هەژاری و سک هەڵگوشین و گرانیدا دەناڵێنن. هەر مرۆڤێکی ژیر پێویستی بە لێکدانەوەی زۆر نیە بۆ

بۆ لاپەڕە ٢

# گێژاوێک لە بڕیار بۆ هەڵبژاردن



عوسمانی حاجی مارف

لاپەڕە ٣

# پەردەیەک نەمابۆوە لەسەر تاڵانی دەسەڵات لاببرێت



جەمال موحسین

بۆ دوا لاپەڕە

# سەربەخۆیی فەڵەستین لەسەر مێزی وڵاتان



بنار مستەفا

بۆ لاپەڕە ٧

## وتاری عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە کۆنگرەی حەوتی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق.

هاوڕێیان نوێنەرانی کۆنگرە و ئامادەبوان
ئەم کاتەتان شاد
بەهیوای کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو
بەدوای ٣١ ساڵ لە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق کە پڕ لە هیوا و خۆ ئامادەکردن و خەبات بووە بۆ ڕابەریکردنی شۆڕشی کرێکاری لە عێراقدا، هەوڵی داوەو هەوڵ ئەدات، ئەمڕۆش لەنێو بەڕێوەبردنی کۆنگرەی حەوتەمی

لاپەڕە ٥

# ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی.......... مرۆڤایەتی لەژێر هەڕەشەی جەمسەرەکاندا!

تێگەیشتن لەو مەسەلەیە. بگرە خەڵکی سادەی ئەمریکاو وولاتانی ئەوروپا هیچ گومانێکیان لەوە نەماوە کە ئەو کۆمەکە سەخاوەتمەندانەیە لەسەر حسابی ژیان و گوزەرانی ئەوان بە ئۆکرانیا لەبەرخاتری چاوی کاڵی خەڵکی ئۆکرانیا نیە. لەبەرئەوە نیە کە خەڵکی ئۆکرانیا سەر بەهەمان خێزانی ئەوروپایین و دەبێ بەهەموو جۆرێک هاوکاری بکرێن! ئەوان لەوە دەگەن کە بەرژەوەندی چینی بۆرژوازی و خاوەن کۆمپانیاکان و حکومەتەکانیان لە ئەمریکاو ئەوروپا سەرچاوەی ئەو "دڵگەورەیی"یەی دەسەلاتەکانیانە بەرامبەر بە ئۆکرانیا!

ڕەنگە هێشتا ئەو چەپە بەو بڕوایە نەگەیشبێت کە ئەوەی لە ئۆکرانیا دەگوزەرێت، جەنگی ڕزگاری و بەرەنگاری داگیرکاری ڕوسی نیە، بەڵکو جەنگی ئەمریکاو ناتۆیە بەخوێن و قوربانی خەڵکی ئۆکرانیا! بەڵام خەڵکی ئەمریکاو ئەوروپاو ئۆکرانیاش لەوە گەیشتوون کە حکومەتەکانیان خەریکی بەڕێوەبردنی چ سیاسەتێکی قێزەون و دژە مرۆیین لەسەر حسابی ژیان و گوزەران و ئایندەو سەلامەتی ئەوان.

ئەمرۆژانە ئەگەر مرۆڤ گوێ لە ڕاگەیاندنەکانی بەرپرسانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ئەمریکاو ناتۆ و ڕوسیا دەگرێ، بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێ کە ئەوان خەریکن لە کێشمەکێشی نێوان خۆیاندا کۆمەڵگای بەشەری بەرەونابووت بوون دەبەن. ئەوان سڵ لەوە ناکەنەوە کە ئامادەن لەبەرخاتری بەرژەوەندیەکانی خۆیان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نوقمی خوێن بکەن و کارەسات بەسەر مرۆڤایەتیدا بهێنن. پروپاگەندەی هەموویان هەڕەشەی زیاتر و کاولکاری و بێبایەخ سەیرکردنی ژیانی ملیارەها مرۆڤە لەسەر زەوی!

سەرکردەکانی ئەمریکاو فەرەنساو ئەڵمانیا و بەریتانیا بەئاشکرا ڕایانگەیاند کە لایەنێکی شەڕەکەن لەگەڵ ڕوسیادا. ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا باسی ناردنی فڕۆکەی میراج و هیزی زەمینی ناتۆ دەکات بۆ ئۆکرانیا بۆئەوەی پێش بە پێشڕەویەکانی ڕوسیا لە خارکێف بگرێ! ئەمریکا ڕازیبوو فڕۆکەی ئێف ١٦ بدات بە ئۆکرانیا و هاوکات لەگەڵ بەریتانیاو ئەڵمانیا بڕیاریان دا کە بە چەکی ئەوان لەقولایی خاکی ڕوسیا بدرێ، کە تائێستا ڕێگایان بە سوپای ئۆکرانیا نەداوە ئەوکارە بکات و تەنها بۆ مەبەستی بەرگری لەچوارچێوەی خاکی ئۆکرانیادا ڕێگاپێدراوبووە! بەرپرسانی ڕوسیا چەندینجار هەڕەشەی ئەوەیان کردوە کە ئەگەر وولات و دەوڵەتەکەیان ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە، ئامادەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمین! دوای ئەم هەنگاوە تازەیەی ئەمریکاو ناتۆ دژ بە ڕوسیا، پۆتین ڕایگەیاند کە ڕوسیاش یارمەتی سەربازی هەموو ئەو دەوڵەت و هێزانە دەدات کە دژی ئەمریکاو فەرەنساو ئەو وولاتانەن کە بەچەکی ئەوان هێرش دەکرێتە سەر ڕوسیا ! هەروەها ڕایگەیاند کە پرسی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە بەرنامەی کاردانەوەی ڕوسیادا وەلانەنراوە.

بێگومان بیانوی ئەمریکاو ئەوروپا بۆ هاوکاریکردنی ئۆکرانیا ئەوەیە کە ڕوسیا مەترسیە بۆسەر ئەوروپاو دوای ئۆکرانیا هێرش دەکاتە سەر وولاتانی دیکەی ئەوروپی، بۆیە دەبێ لە ئۆکرانیادا شکستی پێبهێنرێت! ڕوسیاش بیانوی هێرشەکەی بۆسەر ئۆکرانیا ئەوەیە کە ناتۆ هاتۆتە بەردەم سنورەکانی و هەرەشەیە بۆسەر پێگەی ئابوری و سیاسی و بگرە وجودی ڕوسیا، بۆیە دەیەوێ ئەو پیلانەی ناتۆ لەناو کەلاوەکانی ئۆکرانیادا بنێژێت!

ڕوسیا ئاماژە بەوە دەکات کە لەکاتی ڕێکەوتنی نێوان ڕوسیا و ناتۆدا، لە ساڵی ١٩٩٠ بەڵێن بە ڕوسیا دراوە کە ناتۆ بەرەو ڕۆژهەڵات بەئاراستەی ڕوسیا فراوان نەبێت. لەماوەی ساڵانی رابرووودا سەبارەت بەو مەسەلەیە بەردەوام هوشداریداوە بە ئەمریکاو وولاتانی پەیمانی ناتۆ، بەڵام ناتۆ ئەو هوشداریانەی ڕوسیای بەهەند وەرنەگرتوە! دوا وولات ئۆکرانیا بوو کە ناتۆ بەرنامەی هەبوو بیکاتە ئەندام، بەڵام ئەمە ئیتر هێڵی سووری ڕوسیا بوو، بۆیە لەساڵی ٢٠٢٢دا هێرشی سەربازی کردە سەر ئۆکرانیا و لەوکاتەشەوە ئەمریکاو ئەوروپا بەهەموو شێوەیەک هاوکاری ئۆکرانیا دەکەن بۆ شکستپێهێنانی ڕوسیا!

گومان لەوەدا نیە کە شەڕی نێوان جەمسەرە ئیمپریالیستیەکان، ئەمجارەیان بەڕادەیەک وێرانکەر دەبێ کە خۆشیان سەر بەسەلامەت دەرناکەن، بۆیە ئەگەری ئەوەی کە شەڕی ئەتۆمی ڕووبدات، ئەگەرێکی دوورە، بەڵام هەر ئەوەی کە تارمایی ئەو جەنگە لەلایەن بۆرژوازیەوە بەسەر سەری خەڵکی دنیاوە ڕاگیراوە، مانای ئەوەیە کە مرۆڤایەتی لەژێر سێبەری هەڕەشەی جەنگ و ترس وتۆقاندندا ڕاگیراوەو ئامانجی بۆرژوازیش ئەوەیە کە جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و مرۆڤایەتی ئازادیخوازو ناڕازی لە دەسەڵاتی سەرمایەو سەرمایەداری تەسلیم و دەستەبەستراوبکات. ئەو هێزەشی کە دەتوانێ ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بکاتەوە و کۆتایی بە تارمایی جەنگ و شەڕخوازی و میلیتاریزمی ئەوان بهێنێ و بۆ هەتاهەتایە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە دەسەڵاتی نەگریسی سەرمایەو جەمسەرە ئیمپریالیستیەکانی ڕزگار بکات هەر چینی کرێکاری جیهانی و بەرەی ئازادیخوازی و ئینساندۆست و دژە سەرمایەداریە!

☆

# گێژاوێک لە بڕیار بۆ هەڵبژاردن

عوسمانی حاجی مارف

یەکێک لە نیگەرانیەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی گرژیەکانی ئێستای تورکیا و هەرەشەی ئۆپەراسیۆنە سەربازیە نوێیەکانیەتی لەدژی چەکدارانی پەکەکە، هەروەها ترسی دووبارەبونەوەی هێرشەکانی ئێرانە بۆ سەر ناوچەکە، کەلەم کەشوهەواوا هەڵاوساوە و پشێوییەدا، مایەی مەترسیەکی جدیە لە سەر ژیانی ئەم خەڵکە، لەهەمان کاتدا هەر جموجۆڵێکی سەرکردەکانی هەولێر و سلێمانی بەبێ ئەولەویەت بۆ ئەم دۆسییەیە، کە هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجی سیاسی حزبەکانیان و پاشکۆ بونیانە لە جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە، ناتوانن کەشوهەوایەکی بێ مەترسی نیشان بدەن، شتێکیان نیە ناوی پاراستنی دانیشتوان بێت، لەهەمانکاتدا ناتوانێ دۆخێکی ئارام بێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم، بەتایبەتی هەڵبژاردنێک لەنێو گێژاوێکدا چەقی بەستوە.

دانیشتوانی هەرێم بەگشتی پێیانوایە دوو لایەنی سەرەکی، بارزانی و تاڵەبانی پێش ئەوەی هەر هەنگاوێک بنێن سەبارەت بە یەکلاییبونەوەی دۆخی ناوخۆی هەرێم، بەتایبەتی ئێستا لەپەیوەند بە هەڵبژاردن و پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، تەنها پێگەو نفوزی سیاسی خۆیان لەهەر بوارێکدا بێت پێ گرنگترە لە ژیانی تەواوی دانیشتوان. بێمتمانەیی لە بەرامبەریاندا لەو ئاستەدایە، لەبری ئەوەی ئەو دوو لایەنە ئەگەری دووبارەبونەوەی هێرشی سەربازیی لابەرن، ئەوە چاوەڕوان دەکرێت هێرش بکرێتە سەر هەرێم و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان بۆ چەندەمین جارە بکەنەوە قوربانی بەرژەوەندیە حزبیەکانیان و ململانێی نێوان خۆیان و حکومەتی بەغدا.

بێتوانایی بارزانی و تاڵەبانی لە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و نەتوانینیان لە دەستەبەرکردنی ئاسایش لە ناوچەکەدا، لەهەمانکاتدا کاریگەری ڕۆڵی ململانێی نێوان خۆیان لەسەر زیاتربونی ناسەقامگیری و نەبونی ئاسایش، بێدەسەڵاتیان لەبەرامبەر حکومەتی بەغداو دەرگا ئاواڵەکردن بۆ ئێران و تورکیا، وەها چاوەڕواندەکرێت لێیان کەخەریکن لەهەر مەیدان و کێشەیەکدا گرژیەکان توندترو نائەمنتر دەکەنەوە، بەمانایەکی ڕۆشن بارزانی و تاڵەبانی ڕۆڵی سەرەکی دەبینین، لە هەر کارەساتێک لە هەرێمدا ڕوودەدات.

ئەم ڕۆژانە هەرێمی کوردستان زیاتر شاهیدی جموجۆڵە سیاسیە دەرەکیەکانی هەردوو بنەماڵەیە، بینیمان کە لەم دواییانەدا نێچیرڤان بارزانی، بە هەنگاوێکی جێی سەرنجەوە چووەتە ئێران و لەمیانەی گەشتە دوو ڕۆژەکەیدا بۆ پایتەختی ئێران لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرس و کاربەدەستانی سیاسی و حکومی و فەرماندە دیارەکانی سوپای پاسداران دیدار و وتووێژی کردوە.لەلایەکی دیکەوە، بافڵ تاڵەبانی، بە گەشتێک گەیشتە واشنتۆن کە پێشوەختە ڕانەگەیەندرا بوو، زنجیرەیەک کۆبوونەوەی ئەنجامداوەو بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە.

جوڵەکانی ئێستای هەردولایان زیاتر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە قەیرانی سیاسی هەرێمەوە هەیە کە لەبەرامبەر ئاراستەی نەخشەو سیاسەتی ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق و بچوکردنەوەی حکومەتی هەرێم بەرەوڕوون، هەروەها کێشەکانی نێوان هەولێر و سلێمانی سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمان، کە لەنێو قەیران و چارەنوسێکی نادیاری وەها دەرگیر بون، کە جێبەجێکردنی ئەم هەڵبژاردنە، یان جێبەجێ نەکردنی، لە هەڵوێستەیەکی خواروخێچدا ڕایوەستاندون، نازانن بە چ بارێکدا خۆیان ڕاست کەنەوە.

ئێستا بارزانی بڕیاری بایکۆتکردنی ئەم هەڵبژاردنانەی داوە، بەڵام تاڵەبانی پێداگری لەسەر ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنانە دەکات، جوڵەکانیشیان پەنابردنە بۆ ئەوەی هەرلایەکیان هەل بقۆزنەوەو بۆ بەرزکردنەوەی هاوسەنگی هێزەکەیان لە بەرامبەر یەکتردا، ئەمەش درێژبونەوەی هەمان ئەو دۆخەیە کە سی و دوو ساڵە لە کوردستان پیادەی دەکەن، بەجۆرێک سورن لەسەر شێوازی نائسوڵی ئەو بەرامبەرکێیە، بۆ هەموو کەس و لایەنێک ڕۆشنە کە کۆتایی زۆنی زەردو سەوز، تەنها هێزی نارەزایەتی جەماوەری بۆ ڕامالّین مسۆگەری دەکات.

گەندەڵی بەرفراوان و سیستماتیک و بێکۆتایی کە لە لوتکەی سەرکردایەتی هەردولایاندا جێگیر کراوە، لەهەمانکاتدا بۆتە سەرچاوەیەک لە ناکۆکیەکانی نێوانیان، چونکە ناتوانن ئەو تاڵانی و قۆرخکرنەی سەروەت و سامانی کوردستان بە یەکسانی لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن، کە سەرچاوەیەکی مەترسیدارە لە ململانێی نێوانیاندا، هەروەها کێشەیەکی گەورەیە لە ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان بە حکومەتی بەغداوە، کە هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا، عێراق و کوردستانیان کردووە بە گەندەڵستان، وڵاتانی ناوچەکەش لەلایەک سود لەم بێدەسەڵاتی و ململانێیەی هەردوو بنەماڵە وەردەگرن، لەلایەکی تریشەوە لە گەڵ هەردولایاندا ڕێک دەکەون و ملکەچی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەن.

بەرپرسانی پارتی و یەکێتی لەمێژە بێزاری خۆیان دەربڕیوە لە بەرامبەر مامەڵەی بێباکی ئەمەریکا بەرامبەر بە بارودۆخە ناڵەبارەکانیان، نامەکانیان بێوەڵام ماونەتەوە، سەردانەکانیان بۆ ئەمریکا بایەخی جدی پێنادرێت، ئەمریکا هیچ ئاسۆیەک لە پاراستنی پێگەیان لە ناوچەکەدا نیشان نادات.

ئەم بێباکیەش مێژوویەکی هەیە، هەر لەکاتی هێرشی داعشدا، ئەمریکا بێباک بووە بەرامبەریان، ئەگەر دەخالەتی ئێران نەبوایە حکومەتی هەولێر دەکەوت. لەڕاستیدا ئێستا قووڵایی گەندەڵیان و فشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا، لەلایەکی ترەوە سەرقاڵبونی ئەمریکا لە ناوچەکانی دیکەی جیهان وایکردووە هەولێر زیاتر گۆشەگیر بێت، ئەمریکا چیتر گرەنتی کەشوهەوای پاراستنی ئابوری و دارایی و سەربازی هەرێم نیەو کارێکی پێیان نەماوە.

هۆکارێک کە وەک دوو حزب دەیان هێڵێتەوە، پێویستیەکانی بەغدایە بە بارزانی و تاڵەبەنی کە ئیدارەی هەرێمی بۆ بکەن، بە باڵادەستی و بەرنامەی حکومەتی عێراق دەبێ ئەوکارە ئەنجام بدەن.

لەساڵی ٢٠٠٦ەوە ئەمەریکا بەرپرسانی باڵای یەکێتیو پارتیان لەپێویستی بونی هێزێکی بەرگری نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان ئاگادارکردۆتەوە، هاوکات هانی هەردو حزبەکەی داوە، هێزەکانی پێشمەرگە یەکبخەنەوەو لەژێر یەک فەرماندەیدا هەڵسوکەوت بکەن. لەزنجیرەیەک کۆبونەوەی لاوەکیدا لەمەراسیمی (٦٠)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لەهەولێر، لەڕۆژی ١٦ی ئابی ٢٠٠٦، باڵیۆزی ئەمەریکا باسی پلانی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیو پارتی کردوە.

تاڵەبانیو بارزانی ڕەزامەندبوون و باسیان لەوە کرد کە لەکۆتایی مانگی ئابی ئەو ساڵەدا بەنیازن پلانێک پێشکەش بکەن بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لەژێر یەک فەرماندەیدا، هەروەها وا لەو هێزە یەکگرتوە بکەن سەربەخۆبێت لەدەسەڵاتی هەردوو حزب. هەردوو لایەن، داوای یارمەتیان لەباڵیۆزی ئەمریکا کردوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە، لەڕێگەی ڕاهێنانی هێزە یەکخراوەکەوە کە دەبێتە "هێزێکی پاسەوانی نیشتمانی".

ئەمەش ئەو خەون و ئەفسانەیە بوو کە ئاستی قوڵی گەندەڵی و تاڵانی و قۆرخکردنی سەروەت و سامانی کوردستان و بەکارهێنانی هێزە میلیشیاکانیان لەو پێناوەدا، بە هیچ جۆرێک بواری نەهێشتەوە بەڵێنەکەیان بۆ ئەمریکا جێبەجێ بکەن. دوو هێزی میلیشیا لە دوو زۆندا تەنها بەرژەوەندی و گەندەڵیەکانی دوو بنەماڵە دەپارێزن.

ئەوە گەورەترین هەڵەیە کە لە بیرکردنەوەی ئەو کەس و لایەنانەی چاوەڕوانن لەو دوو هێزە میلیشیایە، "هێزی پاسەوانی نیشتمان"ی دروست کەن.!

ئێستاش لەپەیوەند بە بڕیاردان بۆ هەڵبژاردن و دانوسان و گفتوگۆ لە گەڵ حکومەتی عێراق و هێزە سیاسیەکانی عێراق، بە چاوەڕوانیان لە ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە، دوای سی ودوساڵ لە پۆزلێدانی دەسەڵات، لەبەردەم سەرگەردانی و گێژاوێکدا سەرەتاتکێ دەکەن، ڕۆژانە ئارەقی ڕیسوایی و شەرمەزای دەسڕن، نازانن چۆن لە قەیرانی ئەم هەڵبژاردنە بێنەدەرەوە.

★

❊ مەسەلەی کورد وەکو گرێیەکی ئاڵۆسکاوی سیاسی لەعێراقدا بەچارەسەرنەکراوی ماوتەوە. پێشینەی ستەمی میللی و پێشێلکردنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسییان، بنەمای نیگەرانیی ئەم خەڵکەیە لە گەڕانەوەی ستەمی نەتەوایەتی و سەپاندنەوەی پێگەی هاوڵاتی پلەدوو بەسەریاندا. ئەمانە لەگەڵ پەرەدانی ئەحزابی نەتەوەپەرستی کوردایەتی بە دەمارگیری قەومی، بنەماکانی ئێستای ئەم کێشەیەن. فیدراڵیزمی قەومی کە وەکو ڕێگاچارەی مەسەلەی کورد ناوزەدکراوە، لەلایەکەوە فۆرمێکە بۆ شەریکردنەوەی بۆرژوازی کورد لە دەسەڵات و زاڵکردنیان بەسەر موقەدەراتی خەڵکدا، لەلایەکی ترەوە هۆکارێکە بۆ پەرەپێدان و قوڵکردنەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی قەومی لەنێوان خەڵکی کوردزمان و عەرەبزماندا.

❊ بورژوازی کورد ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بێچارەسەرمانەوەی مەسەلەی کورد. لەدەیان ساڵی ڕابردودا نیشانیداوە کە هیچکات بەدوای چارەسەری بنەڕەتیی ئەم کێشەیەوە نەبووە، بەڵکو هەمیشە بەکاریهێناوە بۆ گەیشتن بە مەرامی شەریکبونەوە لە دەسەڵاتدا. لەم ٣٣ ساڵەدا کە بورژوای کورد حوکمڕان بووە، گەلێک دەرفەتی گەورە هەبووە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بەڵام ئەو سەلماندی کە نایەوێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و تەنانەت توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەشی نیە. لەسایەی دەسەڵاتی ئەواندا کومەڵگەی کوردستان بەتەواوی ئیفلیج بوو.

دوو بڕگە لە بڕیارنامە سەبارەت بە؛

**بارودۆخی سیاسی و سەرخەتی سیاسەتەکانی حزب**

پەسەندکراوی کۆنگرەی (٦) ی حزب

## درێژەی ............وتاری عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی حەوتی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق




خۆیدا، کە بڕیارە لە ڕێڕەوی چونە پێشەوەیدا، بەرەو هەلومەرجێکی سیاسی تازە لە عێراق و ناوچەکەدا بەرەو ڕووە، پێویستی بەوەدەبێت نەخشەو سیاسەتە عەمەلیەکانی بۆ هەنگاونان بەرەو شۆڕشی سۆشیالستی لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا بگونجێنی و هەنگاوی بەرەوپێشتر بنێت.

لە ماوەی سالآنی ڕابردوودا دیمان کە جیهان گۆڕەپانی گێژاو و قەیرانی ئابووری و سیاسی بووە، شەڕی وێرانکەر و زۆر مەترسیداربووە بۆ مرۆڤایەتی. قەیرانە هەمیشەییەکان، شەڕەیەک لە دوا یەکەکان، تیرۆری دەوڵەتی و نادەوڵەتی، میلیتاریزمی فراوان و بێسنوور، نیشانەکانی باڵادەستی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بووە، هەروەها بەشێک بووە لەچۆنیەتی مامەڵەو بەرەنگاری بۆرژوازی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر ڕوداوەکان و گۆڕانکاریەکان لەڕیزەکانی بۆرژوازی جیهانیدا کە نیشاندەری ئەوپەڕی دژە ئینسانی بووە، لە پێناو پاراستنی سەرمایەو سەرمایەداریدا.

جیهانێکیان پێناساندین کە تایبەتمەندیە سەرەکیەکەی وەها خۆی پێناسە دەکرد کە" شکستی کۆمۆنیزم" و سەرکەوتنی "دیموکراسی ڕۆژئاوا"یە، بەلآم پێچەوانەی چاوەڕوانی و بەڵێنەکانی بۆرژوازی لە دابینکردنی ئاسایش و بەدەستهێنانی جیهانێکی سەرکەوتوو، خۆیان بونە سەرچاوەی تەواوی ناسەقامگیری و گێژاو و نائومێدی و شەڕی بەردەوام و نەبونی ئاسایش و بلآوبونەوەی بێکاری و هەژاری. لەهەمانکاتدا حوکمڕانی میلیشیای ئیسلامی و نەتەوەپەرستە کۆنەپەرستەکان سەپێنران بەسەر خەڵکی بێبەشی جیهاندا، بەتایبەتی لەڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا.

لەهیچ سەردەمێکا دژایەتی نێوان پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ئابووری سەرمایەداری لە وێنەی ئەمڕۆدا بەرچاوتر نەبووە. لە هیچ سەردەمێکدا ڕزیوبونی سیستەمی سیاسی، نەک تەنها لە وڵاتە پاوانخوازەکان بەڵکو لە "جیهانی ئازاد" دا، وەک ئەمڕۆ بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕوون نەبۆتەوە. حکومەت و پەرلەمان و حزبە پەرلەمانی و دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان هیچ کات وەک ئێستا ڕیسوا نەبوون بەمجۆرەی ئێستا شەرعیەتیان لەدەست نەداوە.

سیاسەتی پاکتاوکردنی خەڵکی غەززە بووە هۆی پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی جیهانی بۆ بەرگریکردن لەخەڵکی فەلەستین، کە هەموو سنوورە جوگرافی و سیاسی و کلتووری و کۆمەلآیەتیەکانی شکاند. پێشتر بزووتنەوە چینایەتیە سیاسیەکان لە سەرانسەری جیهاندا بەو شێوەیە بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە.

بەرگری لەخەڵکی فەلەستین لە دژی سیاسەتی پاکتاوکردنێک کە حکومەتی ئیسرائیل لە غەززە ئەنجامی ئەدات، بزووتنەوەیەکی جەماوەری جیهانی بۆ سنووردارکردنی میلیتاریزم بە پشتبەستن بەدەوری خەڵک هێنایە ئاراوە. ئەمڕۆ بەرگری لەخەڵکی فەلەستین بەستراوەتەوە بە نارەزایەتیەکان لەبەرامبەر برسیەتی و هەژاری و بێکاری، دژی هێرشکردنە سەر ئازادیە سیاسی و کۆمەلآیەتیەکانە، دژی سیاسەتی میلیتاریستیە لە دژی حکومەتە ناوخۆییەکان، لەڕۆژهەلآتی ناوەڕاستەوە تا ئەورووپا و ئەمریکا.

بزووتنەوەی جیهان بۆ بەرگری و پشتیوانی لەخەڵکی فەلەستین سەرەتای بەئاگاهاتنەوەی جەماوەری نارازیە، بەتایبەتی لەڕۆژئاوا، سەرەتای دارمانی دوا وەهم و متمانەیە بە دیموکراسی ڕۆژئاوا.

دونیای ئەمڕۆ ململانێی فرەجەمسەریە، کە بە یەکڕیزی چینایەتی–سیاسی شەفافتر، بوارێکی فراوانی بۆ دەخالەتی خەباتی کرێکاران و مرۆڤایەتی ئاواڵە کردوە، چ لەڕەهەندی جیهانی و چ لەڕەهەندی ناوخۆییدا، کردنەوەی دەرگایە بۆ نارەزایەتی بزووتنەوە جیهانی و ناوچەییەکان، کە بتوانن کۆتایی بە چەقبەستویی سیاسی بهێنێت و شکستی میلیتاریزم عەمەلی بکاتەوە، کەڕەنگی خۆی لە هەموو جیهاندا بلآوکردۆتەوە، ئەمەش ئەرکێکی سەرەکی نێودەوڵەتی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری و حزبەکانیەتی.

هەرگیز قۆناغێکی وا ئیفلاسی ئابووری–سیاسی و تێکچوونی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقی بۆرژوازی وەک ئەمڕۆ نەبووە. بەجۆرێک مایەپوچ و بێبەهایە کە لەهەمانکاتدا ئەکرێ لە بەرامبەریدا توانای گەورەی کۆمۆنیزمی کرێکاری نیشانبدرێت. هیچ سەردەمێک وەک ئەمڕۆ پێویستی بە کۆمۆنیزمێکی

بەهێز و دیار لەرووی کۆمەڵایەتیەوە نەبووە. کۆمۆنیزم لە جیهانی واقیعدا جارێکی تر چانسێکی مێژوویی بۆ هاتوتە بەرەوە، کە لەنێو هاوکێشە سیاسیەکاندا دەرگای بۆکراوەتەوە وەک هێزو نفوزێکی کۆمەڵایەتی لە مەیدانی سیاسی و عەمەلیدا بەرجەستە بێتەوە.

چینی کرێکار و کۆمۆنیزمەکەی لەعێراق و کوردستان و ناوچەکەدا یەکێکە لە ئامادەترین بەشەکانی ئەم بزووتنەوە جیهانیە لە پێکهێنانی هێڵی ئینتەرناسیۆنالیستی بەهێز لە دژی میلیتاریزم، شەڕ، نائەمنی، هەژاری، تێکدانی ژینگە و تێکچوون بونی خۆی بسەلمێنێت. هەر پلەیەک لە پێشکەوتنی ئەڵتەرناتیڤی کرێکاری لەرەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، ئەڵتەرناتیڤێکی رادیکاڵ و ئازادیخوازانە لەعێراقدا، بێگومان دەتوانێت رۆڵێکی دیار لە کردنەوەی رێگا بۆ پێشکەوتنی چینی کرێکار و مرۆڤایەتی شارستانی لە خەبات لەگەڵ بۆرژوازی جیهانیدا بگێرێت.

پێویستە ئەم کۆنگرەیە لەسەر بنەمای ئەم واقعە و ئەو ئاڵوگۆڕانە، کارو ئامادەییەکانی خۆی لە دامەزراندنەوەی حزبێکدا بخاتە گەڕ کە رابەریەکەی لەم هەلومەرج و ئاڵوگۆڕانەدا دەیسەلمێنێت دەتوانێت رۆڵێکی چالاک لەسەر شانۆی سیاسی عێراقدا ببینێت.

هەلومەرجی تازەی عێراق لە بنەڕەتدا بەرئەنجامی بارودۆخی سیاسی تازەی جیهان و ناوچەکەیە. کە شکستی سیاسەتی لەشکرکێشی و جەنگخوازانەی ئەمریکایە، بەرەوکۆتایی چوونی ئەو شەڕانەیەکە چەندین ساڵە باڵیان بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، هەوڵی ئەمریکا بۆ شکڵدان بە نەزمێکی تاکجەمسەری ناکام بۆتەوە. ئێستا مەسەلەی دنیای چەند جەمسەری بووە بە ئەمری واقع. لە ئاستی ناوچەکەشدا هێزهاوسەنگیەکی تازەی هێناوەتەکایەوە، کە لە سایەیدا حکومەتی مەرکەزی دەرفەتی ئەوەی پەیداکردوە هێژمونی خۆی بەسەر هەمو جوگرافیای عێراق بە کوردستانیشەوە بسەپێنێ و لە روی سیاسی و ئابوریەوە خەریکن سیاسەتی ناوەندکردنەوەی عێراق پیادە دەکەن، شکستی میلیتاریزمی ئەمریکا و پاشەکشەی لە ناوچەکە، هەروەها کۆتایی ئەو جەنگانەی باڵیان بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، کابوسی شەڕ و سیناریۆی کارەساتباری کوشت و کوشتاری قەومی و مەزهەبی دەرەوێنێتەوە و ملهوڕی میلیشیاکان بەرەو پەراوێز پاڵپێوەدەنێ.

ئەمەش بوار بەرووی شەففابونەوەی ناکۆکی و گەشەی خەباتی چینایەتی و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە عێراق و کوردستان ئاوەڵا دەکات.

دوای دەیان ساڵ جەنگ و وێرانکاری، ئێتر ناوچەکە لەروانگەی بەرژەوەندی قازانج و کەڵەکەی سەرمایەوە پێویستی بە دەورەیەک لە ئارامی و ئاسایش هەیە. بۆیە رەوەندی سەرەکی بارودۆخەکە رووی لەوەیە دەورەیەک لە سەقامگیری سیاسی و ئاسایش بۆ کەڵەکەی سەرمایە لە ناوچەکە فەراهەم بێت.

ئەمەش بەمانای کۆتایی کێشمەکێش و ناکۆکیەکان نیە، لە سایەی نەزمی چەند جەمسەری تازەی جیهاندا، لە ئاستی ناوچەکە و جیهانیشدا کێشمەکێشی جەمسەرەکان لەسەر ناوچەی نفوز و بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانیان درێژەی دەبێت. جەنگی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین بە پشتیوانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، جەنگی ئۆکرانیای نێوان ناتۆ و روسیا، وە پێکدادان و بەرامبەرکێکانی دیکەی جەمسەر و هێزەکان، نمونەکانی ئەم کێشمەکێشانەن کە هێز و جەمسەرەکان لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە دەخاڵەتیان تیادەکەن و تارمایی جەنگ لەسەر جیهان و ناوچەکە ئەهێڵنەوە.

سێ دەیەی رابردو دەورانی لە مەحەکدانی هێزە بورژوازیە قەومی و ئیسلامیەکان بوو، کە هەوڵیاندا بەناوی مەزهەب و عروبەو کوردایەتیەوە، لەپێناو مەرامی کۆنەپەرستانەیاندا دوبەرەکی بخەنە ناو جەماوەری خەڵکەوە. بەڵام بە کارکرد و دەسەڵاتی دەیان ساڵەیان سەلماندیان کە ئاوات و ئامانجە ئینسانیەکانی خەڵک هیچ جێگایەکیان لە کارنامەی ئەواندا نیە. ئێتر جەماوەری خەڵک ئەوەیان تێپەڕاندوە کە ئاوات و ئامانجەکانیان ببەستنەوە بە حکومەتی عروبەو کوردایەتی یان شیعی و سونیەوە. تەنانەت لە ئاستی عێراق و کوردستاندا بزوتنەوەیەکی جەماوەری فراوان لەپێناو ئازادی و خۆشگوزەرانی لەدژی ئەم حکومەت و بزوتنەوانە بەرپا بوە و تا ئاستێکی زۆر رەوتە قەومی و دینیەکانی تەریکخستوەتەوە.

مەسەلەیەک کە پێویستە جێگای باسمان بێت هەلومەرجی تازە و گرێخواردنەوەی کوردستان بە عێراقەوە، چونیەکی دەبەخشێت هەم بە هەلومەرج و گرفت و کێشەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان و عێراق، هەم بە داخوازی و ئامانجەکانیان. ئەمەش دەبێتە بنەمای زیاتر بەهێزبونی گیانی هاوخەباتیمان.

بەرجەستەبوونی حزب وەکو حزبێکی سیاسی کۆمۆنستی میلیتانت و دەخاڵەتگەر و ئۆپۆزسیۆنی رادیکاڵ و شۆڕشگێر بۆ گرتنی دەسەڵات، دەبێت هەمیشە رەخنەگرێکی چینایەتی و سۆسیالیستانە لە خەباتی سیاسیدا بەرجەستەکاتەوە، دەبێت خەبات بکات بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیاکان و بەرپاکردنی دەسەڵاتی شورایی لە عێراقدا.

بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# سەربەخۆیی فەڵەستین لەسەر مێزی وڵاتان

## بنار مستەفا

سلۆڤێنیا فەڵەستینی وەک وڵاتێکی سەربەخۆ ناساند. ٤ی حوزەیران بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانی ئەو وڵاتە، سلۆڤێنیا چووە ریزی زیاتر لە ١٤٠ وڵاتی جیهان، کە ئەم کارەیان کردووە. کەمایەتییەک لە وڵاتان، کە هێشتا دانیان بە فەڵەستیندا نەناوە، بریتین لە ئەمریکا، کەنەدا، ئوسترالیا و وڵاتانێکی ئەوروپا.

جێگەی سەرنجە، کە ڕێگەچارەی دوو وڵات هێڵی فەرمی زۆرێک لەو وڵاتانەیە، کە هێشتا فەڵەستین وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناناسن. بەڵام لە ئێستادا لەگەڵ مەیسەربوونی ئەم پرسە، دەڵێن "هێشتا کاتی نییە". سیاسەتی "هێشتا کاتی نییە" بە مانای درێژەکێشانی سیاسەتی ئێستا و پتر لە حەفتا ساڵی ڕابردووە. واتە با داگیرکاری، ستەم، بێ مافی، سەرکوت، جەنگ و دۆخی نائارامی درێژەی هەبێت. بە تایبەتی لە هەشت مانگی ڕابردوودا، کە دەرئەنجامی سیاسەتی ئێستا، ئەو کۆمەڵکوژیەی غەززەی لێ کەوتوتەوە.

دیارە مەبەست لە "هێشتا کاتی نییە" بە ڕاستی ئەوە نییە، کە کاتەکەی گونجاو نەبێت. بە پێچەوانەوە لە دۆخی ئێستای غەززە و تەنانەت کەناری خۆرئاواش، پێویستی بە ڕێگەچارەی خێرا و کارسازە، کە کۆتایی بە کارەساتە یەک لە دوای یەکەکان بهێنێت. سیاسەتی وڵاتانی خۆرئاوا، کە لە ئێستادا زیاتر ڕاوەستانە لە پشتی ئیسرائیل و بەرژەوەندیان گرێداوە بە بەرژەوەندی ئیسرائیلەوە. تەنانەت کۆمەڵکوژی و کارەساتی کەم وێنەی مرۆیی نابنە مایەی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتیان.

هەڵبەت سەربەخۆیی فەڵەستین چارەسەری هەموو کێشەکان نییە، بەڵام دەتوانێت لانی کەم کۆتایی بە دۆخی نائارامی دەیان ساڵی ڕابردوو بهێنێت یان کەمی بکاتەوە. مافی هاوڵاتی بە ملیۆنان کەس و بوونی سنووری دیاریکراو بێ هەستی داگیرکەر و ستەم، ژیان و گوزەرانی خەڵکی دەباتە دۆخێکی جیاوازتر و ئارامترەوە. مافی هاوڵاتی بوون دەدرێتە ملیۆنان کەس، کە ساڵەهایە لە شوێنی ژیان و گوزەرانیان وەک پەنابەر مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. ناجێگیری سیاسی کەم دەبێتەوە و خەم و پەژارەی خەڵکی زیاتر بۆ ژیانێکی باشتر و شایستەتر دەبێت. بەدەستهێنانی مافەکانیان دەبێتە ئامانج، تا درێژەدان بە پێکدادان لەگەڵ هێزێک، کە دروست بە داگیرکەر و ستەمکار هەژمار دەکرێت.

گەر فەڵەستین سەربەخۆ بێت، دەستی گروپە توندڕەو و تیرۆریستەکان کورت دەکاتەوە. حەماس و هاوشێوەکانی، کە کارەساتی خەڵکی فەڵەستینیان کردوتە دەستمایەی سیاسەتی چەپەڵیان و بە ناوی بەرگری لە خەڵکی فەڵەستین و تۆڵەی کارنامەی ئیسرائیل، دەتوانن لە دۆخی نائارام و نەبوونی سەقامگیری هێز بگرن و تەنانەت لە چاوی بەشێک لە دانیشتوانانەوە وەک هێزی بەرگریکار و ڕزگارکەر دەرکەون. درێژەکێشانی دۆخی ئێستا، تەنها هێزی توندڕەو و دژەمرۆیی بەرهەم دەهێنێت و دەرگا بۆ کارەساتی زیاتر دەخاتە سەر پشت. سەربەخۆیی فەڵەستین شانسی گەشەی گروپی توندڕەو و تیرۆریسی کەم دەکاتەوە و دەرفەتێکی فراوانتر لەسەر شکڵگرتنی هێزی ئازادیخواز دەکاتەوە.

بەجیا لە خەڵکی فەڵەستین، هاوکات بۆ خەڵکی مەدەنی ئیسرائیلیش سەربەخۆیی فەڵەستین دەستکەوتی دەبێت. خەڵکی مەدەنی لە ئیسرائیل، هەمیشە ئامانجی گروپە تیرۆریستیەکان بوون بێ جیاکاری. تەنها سەر بە ئاینی جوو، هاوڵاتی بوونی ئیسرائیل یان تەنانەت ژیانکردن لە ئیسرائیل، بۆ گروپ و تاقمە تیرۆریستییەکان هۆکار بووە بکرێنە ئامانج. تۆڵەی سیاسەتی جەنگخوازی حکومەتەکانی ئیسرائیل، لەم خەڵکە بێ تاوانە کراوەتەوە و بوونەتە قوربانی سیاسەتی تۆڵەکردنەوە. سەربەخۆیی فەڵەستین گەر کۆتایی بەم بە ئامانجکردنی خەڵکی سیڤیلی ئیسرائیلە نەهێنێت، لانی کەم دەرفەتی هێنانەپێشەوەی دەورانی ئارامی زیاتر دێنێتە پێشەوە.

بۆیە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خەڵکی فەڵەستین و ئیسرائیلەوە، سەربەخۆیی فەڵەستین هەنگاوێکی گرنگ و گونجاوە، لانی کەم بۆ کۆتایی بە دەورانی نائارامی و بێ مافی. ئەوەی بەرژەوەندی حکومەتی ئیسرائیل و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە پێشیانەوە ئەمریکا لەگەڵی ناگونجێت، لە حەقانیەت و گرنگی ئەم دۆسیەیە کەم ناکاتەوە.

سەرەتای حوزەیرانی ٢٠٢٤

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# پەردەیەک نەمابۆوە لەسەر تالانی دەسەڵات لاببرێت

## جەمال موحسین

ڕۆژی ٦\١١ و لەیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، مەلا بەختیار پەیامێکی ڤیدیۆیی بلاوکردەوە. بەجیا لەوەی کە ئامانجی ئەو بۆ خۆبەخاوەنزانینی یەکێتی و مەسەلەکانی تری لەم پەیوەندەوە چییە لەم پەیامەیدا، ئەوەی لێرەدا ئەمەوێ قسەیەکی کورتی لەسەر بکەم باسی ئەو قسەیەیەتی سەبارەت بە تالانیەک کە یەکێتی و دەسەڵاتی کوردایەتی ساڵەهایە ئەنجامی ئەدەن و مەلا بەختیار تازە دانی پێدائەنێ. ئەو بەرێزە لە بەشێک لە وتەکانیدا ئەڵێ: "بەبڕیاری بەرەی کوردستانی، هەموو حیزبەکانی بەرەی کوردستانی بە چەپ و ڕاستەوە، کوردستانیان تالان ئەکرد، ئەیانبردە سەر حدود. گومرگیان ئەکرد، گومرگەکەشیان لەبەینی خۆیاندا دابەش ئەکرد. ئەم نەریتە یەکەمین چرکەساتی تێکشکانی مەناعەتی شۆڕشگێڕانە لە مێژووی نوێ لە تالانیەکانی بەرەی کوردستانیەوە دەست پێدەکات. ئەو ئاوەی کە لەوکاتەدا ١٩٩١ ڕژێنرا، ئەو هەزاران سەیارەیەی برا و فرۆشرا، ئەو سەدان بولدۆزەر و گرێدەرانەی برا و فرۆشرا، ئەو هەموو ئامێرانەی برا و فرۆشرا، ئەوانەی بوون بە چینی چەتەی ئەو کاتە، وەک چینی چەتە مانەوە و وردە وردە کە حکومەتیش دامەزرا لەناو حکومەت و لە دەرەوەی حکومەت تائێستا مانەوە و تا ئێستا بەردەوامە..."

لەم نووسینەدا مەبەست لەسەر ڕاستی و سەلماندنی ئەم دانپیانانەی ناوبراو نییە. هەر لەسەرەتای کۆنترۆڵ پەیداکردنی بەرەی کوردستانییەوە، خەڵک ئەوەی بینی لەوکاتەوە دزینی پێداویستیەکانی ژیانی چۆن بووە ملیۆنەها دینار و تمەن و دۆلار و چووە گیرفانی گەورە بەرپرسانی بەرەوە. نە تالانی ئەو کاتە و نە دزی و چەتەیی درێژایی ٣٣ ساڵ دەسەڵاتداریێتی و ئێستاشیان پێویستییەکی بەوە ماوە کە کەسێکی وەک مەلا بەختیار نیشانی بدات. بەداخەوە خەڵک بە مەرگی ڕۆڵەکانی و بوون بە قوربانی چەند نەخۆشییەک کە ئەسڵەن ساڵەهایە چارەی هەیە، ڕاستیی تالانی و بڕۆیی دەسەڵاتی بۆ سەلماوە و بە پێست و خوێن ئەزمونی کردوە، بگرە نارەزایەتی گەورەی لە دژ دەربڕیوە. قسەی سەرەکی ڕوو بە مەلا بەختیار ئەوەیە کە ئەوکات خۆی لە کوێی ئەو هاوکێشانەدا بووە و دوای ئەوەش لەکوێدا وەستاوە؟ ئەو بەخۆی و ئالای شۆڕشەکەیەوە خۆیکرد بەناو یەکێتیدا و هەر لەوکاتەوە پێگەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و تەنانەت جێمتمانەی جەلال تاڵەبانی پێدرا، کە وەک خۆی ئەڵێ:"یەکێتی تێکەڵ بە دەسەڵات بوو"؛ یانی بە دەسەڵات و میلیشیاکەی دەستی، دەستیان خستە قورگی خەڵکی هەژار و ماندووکراوی دەستی گەمارۆی ئابوری جیهانی و ڕژیمی بەعس. لەکاتێکدا کە خەڵک موحتاجی فەردەیەک ئارد و چەند مشت خواردن بوو بۆ مناڵەکانی، ئەو بەناو "شۆڕشگێڕانە"ی شاخ پلانی تالانکردنی سوچ و کەلەبەری ئەم وڵاتەیان دائەنا و هەر بە لولەی تفەنگەکانیشیان تالان و بڕۆییەکەی خۆیان ئەپاراست. هەموو ئەو دەسەڵات و شێواز و میکانیزمانەی کە دەسەڵاتی کوردایەتی ئەو چەتەگەرێتیەیان پێدەکرد، مەلا بەختیار و چەندین بەرپرسی گەورەی وەک ئەوی تێدا بەشداربوون.

لەوکاتەوە و تاکو پێش مەرگی تاڵەبانی، مەلا بەختیار کاربەدەستی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی و دەستەڕاستی سکرتێرەکەیان بووە. دوای ئەوەش تاکو کۆنگرە هەر بەهرەمەند بووە لە پۆست و پێگەی باڵا. ناکرێ و ناتوانێ ئێستا بەهۆی نەدانی پلەوپۆست و خاڵیکردنی جێپێیەوە لەناو یەکێتیدا، کە گوایە پەردە لەسەر شتی شاراوە هەڵئەداتەوە، خۆی وەک لایەنگر لە دەنگی نارازی خەڵک دەربخات. ئەگەر ئێستا بەم قسانەی ئەیەوێ بڵێت کە ئەو ڕاستەوخۆ یەکێک نەبووە لەو تالانییەدا، ئەبێ ئەوە بزانێت کە خەڵک ئەسڵەن بۆشی پرسیار نییە کە بۆچی لە بەرامبەریدا بێدەنگ بووە بەتایبەتی کە ئەویش لە پلەوپایەی باڵای یەکێتیدا بووە. ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لە هەموو ئەو دزی و جەردەییەی دەسەڵات کە بۆتە مەرگی خەڵکی هەژار و بێبەش.

ئەسڵەن کاتێک ئێمە کۆمۆنیستەکان لەسەرەتای دەسەڵاتگرتنی بزووتنەوەی کوردایەتیەوە ناوەڕۆکی چینایەتی ئەم هێزانەمان نیشان ئەدا و جیاوازی ئەوان لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشمان ئەخستە بەردەم کۆمەڵگە، هەر ئەو یەکێتیەی کە مەلا بەختیار لە باڵاترین پلەیدا بوو و ئێستا وا دیارە پەرۆشی ئەوەیە ئەو یەکێتیە نەماوە جێگەیەک بۆ ئەو بهێڵێتەوە، کەوتنە ڕاوەدونان و زیندانیکردن و ئەزێتدانی ئێمە. خۆ مێژووی دەسەڵاتی کوردایەتی تەنها بە دزی و تالانی نەناسراوە، سەرکوتیش بەشێکی جیانەکراوەی پێکهاتەکەیەتی.

مەلا بەختیار لەئێستادا کە دەسەڵاتی کوردایەتی بەگشتی و یەکێتیش بەتایبەتی لەبەرامبەر دۆخێکدایە کە خەڵک بە دوژمنی چینایەتی خۆی ئەزانێ، بەمجۆرە پەیامانە ئەیەوێ یەکێتی و دەسەڵات لانیکەم لەژێر نەفرەتی خەڵک دەربکات. قەیرانێکی دەسەڵاتی و ئابوری کە یەکێتی تێیکەوتووە بە سەد پەیامی پاڕانەوەی لەم چەشنەی مەلا بەختیار کەم نابێتەوە. لەڕوانگەی خەڵکەوە یەکێتی وەک بەشێک لە دەسەڵاتی ئەم ٣٣ ساڵە، یەکێکە لە سەرچاوەکانی هەژاری و نەهامەتی و نەگبەتی بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش. نەمانی تالانی و جەردەیی و گەندەڵیش لە وشککردنی سەرچاوەکەیەوە ئەکرێت.

١٠ ی حوزەیرانی ٢٠٢٤